هەرێمی کوردستان – عێراق
سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران
وەزارەتی دارایی و ئابووری
بەڕێوەبەرایەتی گشتی دیوان
ب/ دیراسات و لێکۆڵینەوەو بەدواداچون

إقليم كوردستان – العراق
رئاسة مجلس الوزراء
وزارة المالية والإقتصاد
المديرية العامة للديوان
م/ الدراسات والابحاث والمتابعة

Kurdistan Regional Government – Council of Ministers
Ministry of Finance and Economy

ژمارە: ٣٣٤ (٢٧٢٠) کوردی ڕێکەوت: ١٧/ ١/ ٢٠٢١

## گشتاندنی دارایی ژمارە ( ٣ )

## بۆ/ گشت وەزارەتەکان و فەرمانگەکانی نەبەستراو بە وەزارەت

## ب / نوێ کردنەوەی بەکرێ گرتنی خانووبەرە

پێتان رادەگەیەنین کەوا بۆ مەبەستی نوێ کردنەوەی گرێبەستی خانو و باڵاخانە بۆ ساڵی دارایی /٢٠٢١ پێویستە رەچاوی ئەم خاڵانەی خوارەوە بکرێت :-

١- بۆ ئەو خانو و باڵاخانانەی کە بە رەزامەندی وەزارەتمان لە ساڵی /٢٠٢٠ نوێ کردنەوەی گرێبەستیان بۆ ئەنجام دراوە ، نوێ کردنەوەی گرێبەستەکە بۆ ساڵی دارایی /٢٠٢١ لە دەسەڵاتی وەزارەتمان / بەڕێوەبەرایەتی گەنجینەی پەیوەندی دار دەبێت و پێویستە بە لیستێك سەرجەم خانوو باڵاخانە بەکرێ گیراوەکان رەوانەی بەڕێوەبەرایەتی گەنجینەی پەیوەندی دار بکرێت بە یەکجار لەگەڵ وێنەیەك لە ڕەزامەندی وەزارەتمان بۆ ساڵی دارایی /٢٠٢٠ .

٢- مەرج نیە نوێ کردنەوەی گرێبەستەکان بە هەمان بری ساڵی رابردوو بێت ، بەڵکو بەڕێوەبەرایەتی گەنجینەی پەیوەندی دار دەسەڵاتدارە بە پێداچوونەوەی نرخی ئەو گرێبەستانە ، بۆ ئەوەی بگونجێت لەگەڵ بارودۆخی دارایی حکومەتی هەرێمی کوردستان لە ڕێگەی لیژنەیەک دەبێت کە لە گەنجینەی پەیوەندی دارەوە پێک دەهێنرێت بە سەرۆکایەتی ( نوێنەری بەڕێوەبەرایەتی گەنجینەی پەیوەندی دار سەرۆکی لیژنە , نوێنەری بەڕێوەبەرایەتی باجی خانووبەرەی پەیوە ندی دار ئە ندام , نوێنەری بەڕێوەبەرایەتی تۆمارکردنی خانووبەرەی پەیوەندی دار ئەندام ) . .

٣- لە حاڵەتی گۆڕینی بەکرێ گرتنی خانووبەرە یان هێنانەکایەی فەرمانگەیەکی نوێ و بەکرێ گرتنی خانووبەرە بۆی ، پێویستە پێش وەختە هەماهەنگی بکرێت لەگەڵ لیژنەی تایبەتی بەڕێوەبەرایەتی گەنجینەی پەیوەندی دار و بە پێچەوانەوە وەزارەتمان پابەند نابێت بە رەزامەندی دان و خەرج کردنی کرێیەکەی .

٤- هەر خانوو یان باڵاخانەیەک بە بێ رەزامەندی وەزارەتمان بە کرێ گیرابێت ، هیچ پابەندبوونێکی یاسایی و کارگێری و دارایی ناکەوێتە ئەستۆی وەزارەتمان .

٥- هەر گرێبەستێکی خانوو یان یەکەی نیشتەجێ بوون کە بۆ مەبەستی کەسی ( شخصی ) بە کاردێت ئەگەر بۆ یەکەم جار بێت پێویستە ڕەزامەندی بەڕێز سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیرانی پێ وەربگیرێت .

ئاگادار نرا

| إقليم كوردستان – العراق<br>رئـاسـة مجلس الـوزراء<br>وزارة المالية والإقتصاد<br>المديرية العامة للديوان<br>م/ الدراسات والابحاث والمتابعة | Kurdistan Regional Government – Council of Ministers<br>Ministry of Finance and Economy | هەرێمی کوردستان – عێراق<br>سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران<br>وەزارەتی دارایی و ئابووری<br>بەڕێوەبەرایەتی گشتی دیوان<br>ب/ دیراسات و لێکۆڵینەوەو بەدواداچون |
|---|---|---|

ژمارە: (٢٧٢٠) کوردی ڕێکەوت: / /٢٠٢١

٦- هیچ بە کرێ گرتنێکی نوێ خانوو و باڵاخانە ئاڕاستەی وەزارەتمان نەکرێت جگە لە حاڵەتەکانی ئاماژە پێکراو لە خاڵی (٣)ی سەرەوە.

٧- ئەم گشتاندنە لە ڕێکەوتی ٢٠٢١/١/١ ەوە کاری پێ دەکرێت.

بۆ ئاگاداریتان و کارپێ کردنی ... لەگەڵ ڕێزدا.

ئاوات جەناب نوری

وەزیری دارایی و ئابووری

٢٠٢١/١/

وێنەیەک بۆ /

- سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان / بۆ ئاگاداریتان لەگەڵ ڕێزدا.
پەرلەمانی کوردستان – عیراق / بۆ ئاگاداریتان لەگەڵ ڕێزدا.
- سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران/ س. دیوان/ ف. گ. کارگێری و دارایی/ بۆ ئاگاداریتان لەگەڵ ڕێزدا.
- وەزارەتی داد/ بەڕێوەبەرایەتی ڕۆژنامەی وقایعی کوردستان/ بۆ ئاگاداریتان.. لەگەڵ ڕێزدا.
- ئەنجومەنی دادوەری/ بۆ ئاگاداریتان لەگەڵ ڕێزدا.
- دیوانی چاودێری دارایی هەرێمی کوردستان / بۆ ئاگاداریتان لەگەڵ ڕێزدا.
- فەرمانگەی هەماهەنگی و بەدواداچوون/ بۆ ئاگاداریتان لەگەڵ ڕێزدا.
- دەستەی دەسپاکی/ بۆ ئاگاداریتان لەگەڵ ڕێزدا.
- کۆمسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردن و ڕاپرسی/ بۆ ئاگاداریتان لەگەڵ ڕێزدا.
- نووسینگەی بەڕێز وەزیری دارایی و ئابووری/ بۆ ئاگاداریتان لەگەڵ ڕێزدا.
- نووسینگەی بەڕێز بریکاری وەزارەتی دارایی و ئابووری/ بۆ ئاگاداریتان لەگەڵ ڕێزدا.
- دەستەی ڕاوێژکاران / بۆ ئاگاداریتان لەگەڵ ڕێزدا.
- گشت بەڕێوەبەرایەتیە گشتیەکانی سەر بەوەزارەت/ بۆ جێ بەجێ کردن.
- گشت بەڕێوەبەرایەتی و بەش و هۆبەی سەر بە بەڕێوەبەرایەتی گشتی دیوان/ بۆ جێ بەجێ کردن.
- بەڕێوەبەرایەتی گەنجینەی ( هەرێم، هەولێر، (١، ٢) ی سلێمانی، دهۆک، هەڵەبجە، گەرمیان، سۆران، ڕاپەڕین، ئاکرێ، زاخۆ، کۆیە، چەمچەماڵ، ئامێدی ) / بۆ جێ بەجێ کردنی کاری پێویست.
- بەڕێوەبەرایەتی دیراسات و لێکۆڵینەوە و بەدواداچوون.
- سیستەم / لە گەڵ سەرەتاکان.
- دۆسیەی سۆڕاو.